### هونەرمەند ڕۆژ کەریم:

# هەندێک دەنگی کچ پەیدابوون کە جێگەی دڵخۆشیە



**هونەرمەند ڕۆژکەریم یەکێکە لەو هونەرمەندە بەناوبانگانەی گەلەکەمان کەماوەیەکی زۆرە لە هەندەران دەژی و بە دەنگە زوڵاڵەکەی دنیای گۆرانی کوردی دەوڵەمەند کردووە.هونەرمەند چەندین بەرهەمی کلیپ سازی گۆرانی ئەنجام داوە و ئاستێکی بەرچاو و ئەکتیڤیی لە ناو خەڵکدا دروست کردووە،لە گەڕانەوەیدا لە دەرەوەی وولات بۆ کوردستان و لە دەرفەتێکدا چەندین پرسیارێکمان ئاراستە کرد.**

**ن. سلێمانی/خەبات – دلێر محەمەد ساڵح**

*** ئاستی هونەری گۆرانی وتن لە کوردستاندا لە بواری کلیپ سازی چۆن دەبینن؟**

بەڵی ئەوەی کە لەبەو چاوە کە ئێستا کاری باش دەکرێن جاربەجار پێش کەوتووی پێوە دەبینرێت تا رادەیەکی مام ناوەندی چونکە ئێمە سیستەمی پەخشەکانمان کە دێ ڤێ یە وەلە دێ ڤێ تێپەڕی نەکردووە.وە ئەو کارانەی کە دەیکەی دەبێتەوە دێ ڤێ وە لە کوردستاندا ئامێرێکی کەم هەیە بۆ دروست کردنی گۆرانیەکان بە سی وپێنج وە بڵاوکردنەوەی لە کەناڵە جیاجیاکانی هەرێم و کەناڵە ئاسمانیەکانەوە هیوادارم ئێمەش بتوانین کاری بۆ بکەین کە لە کەناڵە ئاسمانیەکانی دنیا پەخش بکرێن.

*** سیستەمی گۆرانی و کلیپ سازی لە کوردستاندا چ جیاوازیەکی هەیە لەگەڵ هەندەران؟**

-مەبەستت لە سیستەمی پەخش کردنەکاندا بە سی وپێنج سوپر شانزە یە ئێمە کلیپەکانمان چەند دانەیەکە لە پەنجەی دەست تێپەڕ ناکات وە نیزامی بەسەکانمان دڤێ بە نزامی ئەوی ئەو کەناڵانەی کە تایبەتن بە کلیپ سازی ئین تیڤێ بێرسۆن و **Z.tv** ئەوانەی کە تایبەتن بەو کارانە. ئەوان مەرجیان هەیە بۆ کار کردن لە گەڵیاندا یەکەم مەرجە سەرەتایەکان سی و پێنج **c5** چونکە ئەگەر ئەوان وانەبێ وەری ناگرن چونکە ئێستا دەبینین ئەو گەنجانە هەوڵدەدەن بۆ ئەو سیستەمە.

*** بەڕای جەنابتان لەو بوارەدا ئافرەتان چۆن دەنرخێنیت؟**

-ئەوەی راستی بێت هەندێک دەنگی کچان پەیدا بوون جێگەی دڵ خۆشکەریە. و هەندێک لە وانە گۆرانی نەڵێن باشترە.

ئینجا ئەوانەی کە جێی دڵخۆشکەریە کە جێ ی سەرنجی هەموومانن حەز ناکەم ناوەکانیان بڵێم چەند خۆشە لە لایەن حکومەت و وەزارەتی رۆشنبیریەوە دەست گیری بکرێن خزمەت بە رۆڵی هونەری کوردی بدەن.

ئەگەر هەوڵ بدرێت ئافرەتان چەندین دەنگ خۆش و بە توانای تیا هەڵ دەکەوێت. چونکە زۆر گرنگە بۆ ئەمڕۆی کورد رۆڵی ئافرەت.

*** سەبارەت بە هونەرمەندانی کورد لای جەنابتان کامیان پەسەند دەکەیت لە بواری گۆرانی ووتندا؟ دەنگی چ هونەرمەندێک گوێبیست دەبیت؟**

-من بەڕاستی گوێ لە زۆربەی گۆرانی بێژان دەگرم حەز لە دەنگیان دەکەم و زیاتر نامەوێ ناویان بێنم. و ئەوانەی کە زیاد گوێ گریانم وەکو زیادو ئەیاد و پەیوەندو نەریمان و کاک عەدنان کەریم وناسر رەزازی و هەردی و زەکەریا و ئەیوب و بە شێوەیەکی گشتی گوێ لە هەموویان دەگرم کە زیاتر ئەمانە هەوڵی بەرچاویان هەیە وە خەڵکی زیاتر گوێیان لێ دەگرێت بە ئاستێکی باش.

***رۆژ کەریم کام لە گۆرانیەکانی هەستی دەبزوێنێ؟**

-ئەوەی راستی بێت بەلامەوە ئەوەی کامە هەستی گوێ گر دەجولێنێت ئەوە بە لای منەوە گرنگە من بۆ خۆم کاتێک کارەکانم ئەکەم بۆیە هەوڵی تەواوی بۆ ئەدەم کە هەستی خۆم گوێ گرو بینەر لە دنیایەکی خۆشەویستی دا ببینمەوە.وە من خۆشم تەنیا دوو گۆرانی بۆ خۆم دەڵێم کە یەکەمیان من پێت ناڵێم و عاشقم کە چونکە تازەن.

***دوا بەرهەمی هونەریت چی یە؟**

-من دوو کلیپی تازەم کردووە وەک عاشم من لەگەڵ تاکەی تاکەی کە گۆرانی عاشقم من پەخش کرا وە تاکەی تاکەی بەم زوانە ئینشاللە بڵاو دەکرێتەوە دەکەوێتە بەردیدەی بینەران.وە ئێستاش خەریکی تۆمارکردنی سیدیەکی نوێم لە ئەورووپا وە ئەوەندەش نەماوە تەواو ببێت وە هیوادارم بتوانم بە شێوەیەکی پوخت و نوێ بڵاوی بکەمەوە هیوادارم جێگەی سرنجی گوێ گران بێت...؟

*** ئامۆژگاریت چی یە بۆ هونەرمەندە گەنجەکان چی دەخوازی لە حکوومەتی هەرێمی کوردستان؟**

-هیوادارم هونەرمەندە گەنجەکان لەسەر سیستەمی نوێ خوازی هونەر بڕۆن و وبتوانن ئایندەیەکی رووناک بۆ گەلەکەمان بە دەست بهێنن و داوام لە حکوومەتی هەرێم و وەزارەتی رۆشنبیری کە هاوکاری تەواوی لاوەکانمان بن و هاوکاریان بکەن لە ڕێ ی هونەرەکەیانەوە کە ئاستێکی باڵاو بەرچاو لە هەرێمەکەدا دەرکەوێت.

*** دوا ووتەت؟**

هیوادارم لە هەرێمی کوردستاندا کە چەندین کۆمپانیای دروست کردنی کلیپ وتۆمار کردنی دەنگ لە رێگای حکوومەتی هەرێمەوە دروست بکرێت سوود بە ئەمڕۆی گەنج و لاوەکان بگەیێنێت.وە ئەوەش یەکێکە لە ئاواتەکانی من.